



# پانۆرامای ڕووداوەکانی خەرمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## پانۆرامای ڕووداوەکانی مانگی خەرمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

| | |
|---|---|
| ١ | ٣٠ی خەرمانانی ١٣١٩ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٤٠ی زایینی؛ |
| | حوسین حوزنی موکریـانی مێژوونـووس و ڕۆژنامەگەر، لـەناو کـورد دا یەکـەمین کـەس بـووە چاپخانـەی بـۆ چـاپکردنی بەرهەمە نووسراوەکانی زمان و وێژەی کوردی دامەزراندووە، کۆچکردن حسێن حوزنی موکریانی لەشاری بەغدا بە دەستی نۆکەرەکانی ئینگلیس ژەهرخوار دەکرێ و گیـانی لە دەست دەدا. کـۆچی دوایـی کـردووەو تـەرمەکەی گەڕێنـراوەتەوە شـاری هەولێرو و لەگۆڕستانی ئیمام محەمەد لە نیزک پیرە قەڵاتی هەولێردا بەخاک سپێردرا. |
| ٢ | ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی = ٢٤ی ئاگۆستی ١٩٤١ی زایینی؛ |
| | کۆنفرانسێک لە شاری شنۆ بە بەشداریی ئاغا و سەرۆکە کوردەکانی لای خواروی ڕۆژئاوای ورمێ و بـاکووری کوردسـتانی ئێران بۆ ماوەی چەنـد ڕۆژ بەڕێـوەدەچێ، لـەم کۆبوونەوەیـەدا کـە دوور لـە چـاوی ئینگلیسـەکان و بەپاسـاوی زەماوەنـدی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش گیرابوو، بەرپرسە کوردەکان بە هیچ ئاکامێک و یەکێتی‌یەکی ئەوتۆ ناگەن. |
| ٣ | ٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٤٢ی زایینی؛ |
| | دەستەیەک لاوی سابلاغی لە باخی حاجی داود لە نزیک چۆمی سابلاغ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی هیوا، میرحـاج و مستەفا خۆشناو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کورد کۆبوونەوە." |
| ٤ | ١١ی خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٨ی زایینی؛ |
| | شاعیرو تێکۆشەری سیاسی و یەکێک لە ڕێبەرانی جووڵانەوەی چەکداری ساڵەکان(٦٨ - ٦٧) ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەلا ئاوارە(ئەحمەد شەڵماشی) و دوای چـوار مانـگ زینـدان و ئەشکەنجە لەبـەرە بـەیانی ئەم ڕۆژەدا لـە خـوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ دوو هـاوڕێی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی پاشایەتی ئێران ئیعدامیان کران. |
| ٥ | خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی = سێپتەمبەری ١٩٦٨ی زایینی؛ |
| | گیرانی سەدان کـەس لـە ئەنـدام و لایـەنگرانی حیـزب لـە هـەموو شـوێنەکانی کوردسـتان، لە دەزگـای ئەمنیەتـی سـاواکی ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی کە بەدوای ئەشکەنجەی زۆر لە پادگانی جەلدیان چەندین کەسیان لێ ئیعدام کران. |

| ٦ | ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ی زایینی؛ |
|---|---|
| | پێک هاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب بە بەشداری ٤٩ کەس و پەسند کردنی بەرنامەو پیرەوی نیوخۆی تازە و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لەشاری بەغدا.(سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو) |

| ٧ | ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ی زایینی؛ |
|---|---|
| | پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات (کۆمەڵێکی دادپەروەری سۆسیالیستی یە) لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لەشاری بەغدا. |

| ٨ | ٢٠ی خەرمانانی ١٣٥٤ی هەتاوی = ١١ی سێپتەمبەری ١٩٧٥ی زایینی؛ |
|---|---|
| | کۆچی دوایی شێخ محەممەدی مەردۆخ ناسراو بە ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی، مامۆستای ئایینی و، نووسەر، شاعیر، مێژوونووس و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا ماڵئاویی لە ژیان کرد. |

| ٩ | ٩ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٣١ی ئاگۆستی ١٩٧٩ی زایینی؛ |
|---|---|
| | فوئادی مستەفا سوڵتانی، بزوێنەرێکی هەرە گرنگ و دامەزرێنەرێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووە، ناوبراو لە نێوان گوندەکانی بستام - کانێعەمەت دا لەلایەن هێزێکی زۆری جاش و پاسدارەوە بە سەرکردایەتی مستەفا چەمران هێرشیان دەکرێتە و کاک فوئاد و تەهمورس شەهید دەبن.تەرمەکەی کاک فوئاد دەبرێتەوە بۆ مەریوان لە گۆڕستانی تاڵەسوار لە نزیک گوندەکەیان و لە تەنیشت ئەمین و حوسەینی برایدا بەخاکیان سپارد. |

| ١٠ | ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٩ی زایینی؛ |
|---|---|
| | جینایەتی سامناک و دڕەندانەی چەکدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و قەلاچۆ کردنی ٦٧ کەس لە دانیشتوانی سیڤلی خەڵکی گوندی قارنی. |

| ١١ | خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی = سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٠ی زایینی؛ |
|---|---|
| | کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەستدرێژی دەوڵەتی عێراقی بۆ سەر ئێران مەحکووم کرد و ڕای گەیاند ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی داخوازە بنەڕەتی یەکانی خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسی.حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ١٢ | مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی = مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٠ی زایینی؛ |
| | کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەستدرێژی دەوڵەتی عێراقی بۆ سەر ئێران مەحکووم کرد و رای گەیاند ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی داخوازە بنەرەتی یەکانی خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسی.حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. |

| | |
|---|---|
| ١٣ | ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ی زایینی؛ |
| | تیرۆری سەرگورد حەبیبوڵلا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی شورای نیزامیی حیزب لە شاری مەهاباد، بە دەست بەکریگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەهاباد. |

| | |
|---|---|
| ١٤ | ٦ی خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی = ٢٨ی ئاگۆستی ١٩٨٢ی زایینی؛ |
| | عەبدوڵلا زەکی مامۆستا قەندیل ئەندام و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان لە شەڕی بەرگریی ناوچەی پیرانشاردا بریندار بووە و پاش رۆژێک بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگدا شەهید بووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانێکی بەری مێرگانی شاری پیرانشار نێژراوە. |

| | |
|---|---|
| ١٥ | مانگی خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی = مانگی سێپتەمبەری ١٩٨٢ی زایینی؛ |
| | دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بریاری دا لە رۆژی ٢٠ی خەرمانان تا ٢٠ی رەزبەری وەک مانگی بەرگری لە ئازادی و هەرمانی گەلی کورد رابەگەیەنێ. |

| | |
|---|---|
| ١٦ | ١٨ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٩ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ی زایینی؛ |
| | شەهید بوونی ئەسعەد مامەدی جێگری فەرماندەری هێز، لە گوندی شنەتالا، بە هۆی تیرۆری بە کریگیراونی کۆماری ئیسلامیی. |

| | |
|---|---|
| ١٧ | ٢١ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ی زایینی؛ |
| | شەهید بوونی سابیر حوسێنی جێگری فەرماندەری هێزی شاهۆ، بەهۆی دسڕێژی سەربازە ئێراقیەکان لە نیو باخە وێران و سوتاوکانی چنارە لە باشووری کوردستان. |

| | |
|---|---|
| ١٨ | ٣١ی خەرمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٥ی زایینی؛ |
| | شەهید بوونی عومەر قەیتەران فەرماندەری هێزی ئەفشین، لەگەڵ ٨ قارەمانی دیکە، شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی گەرگولی نەغەدە |

| | |
|---|---|
| ١٩ | ٨ی خەرمانانی ١٣٦٥ی هەتاوی = ٣٠ی ئاگۆستی ١٩٨٦ی زایینی؛ |
| | شەهید بوونی جەمیل حوسێنی بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە حیزبی دێموکرات، بە هۆی شەڕ لەگەڵ داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی - وزباش کەندی. |
| ٢٠ | ٢٢ی خەرمانانی ١٣٦٦ی هەتاوی = ١٣ی سێپتەمبەری ١٩٨٧ی زایینی؛ |
| | شەهید ناسر میراویی، کادری دڵسۆزی سازمانی خەبات،لە ناو دێی چەمپاراوی بانە لەگەڵ هێندێ کوردی ئاوارە تێک هەڵ ئەنگوت و بەهۆی ڕێنوێنی چەوتی خەڵکی ئاوەدانی، ئەوان دەستڕێژیان لە شەهید ناسر کرد و لە ئاکامدا بەهۆی برینی کاریەوە شەهید بوو. |
| ٢١ | ١٣ی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی = ٤ی سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی؛ |
| | تیرۆری سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە ئۆردوگای سەرەکی کۆمەڵە بە ناوی بەردانەگە لە دەوەری شاری ڕانیە لە باشووری کوردستان، |
| ٢٢ | خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی = سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی؛ |
| | کوشتاری کەم وێنەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە دوای ڕاگیرانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا. لەم کوشتارەدا هەزاران زیندانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران کوژران کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد دەبینران. |
| ٢٣ | ٢٦ی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی؛ |
| | شەهید بوونی خدر زارعی بەرپرسی کۆمیتە شارستان پیرانشار، بە هۆی شەری نێوخۆیی لە کەنێرە. |
| ٢٤ | ٢٨ی خەرمانانی ١٣٧٠ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ١٩٩١ی زایینی؛ |
| | تیرۆری سەعید یەزدانپەنا تێکۆشەری سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزرێنەری یەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان. دواتر بۆتە(پارتی ئازادی کوردستان). لە باشووری کوردستان. |
| ٢٥ | ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ی زایینی؛ |
| | تیرۆری مێکونووس. لەم پەلامارە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب، فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، همایون ئەردەلان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب بە دەستی تیرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران. |

| | |
|---|---|
| ٢٦ | ١٩ی خەرمانانی ١٣٧٥ی هەتاوی = ٩ی سێپتەمبەری ١٩٩٦ی زایینی؛ |
| | وەرگیرانی حیزبی دێموکرات بە ئەندامی ئەنترناسیونالی سوسیالیست لە بیستەمین کۆنگرەی خۆی لە سالونی کوری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەگرتووەکان لە نیویورک. بە بەشداری مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب. |

| | |
|---|---|
| ٢٧ | ٢١ی خەرمانانی ١٣٨٠ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی زایینی؛ |
| | بەیننامەی دەفتەری سیاسی حیزب دێموکرات بە بۆنەی زنجیرە هێرشێکی تیرۆریستی ١١ی سێپتەمبەری وڵاتە یەکگرتووکانی ئامریکا. |

| | |
|---|---|
| ٢٨ | ١٥ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣ی زایینی؛ |
| | کۆچی دوایی محەممەد هەورازی شاخەوانی بەرزە ناوی کورد و یەکێک لە باشترین شاخەوانانی جیهانی بەهۆی رنۆی بەفرلە شاخی گاشبرۆم ١ لە نەخۆشخانەی پاکستان. |

| | |
|---|---|
| ٢٩ | ١٦ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣ی زایینی؛ |
| | بەڕێوە چوونی یەکەمین فستیڤالی منداڵانی کوردستانی ئێران بە دەست پێشخەری گۆڤاری دنیای منداڵان. |

| | |
|---|---|
| ٣٠ | ٢٢ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤ی زایینی؛ |
| | یەکەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران. |

| | |
|---|---|
| ٣١ | ٢٨ی خەرمانانی ١٣٨٤ی هەتاوی = ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥ی زایینی؛ |
| | کۆچی دوایی مەرزە فەریقی هونەرمەندی کۆرانیبێژ و پێشمەرگەی دێرین کۆمەڵە و هاوسەری هۆنەرمەندی ناوداری و شۆرشگێری کورد ناسر رەزازی لە شاری ستۆکلهکوم لە سوئید. |

| | |
|---|---|
| ٣٢ | ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦ی هەتاوی = ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧ی زایینی؛ |
| | کۆچی دوایی عوسمان رەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەهەم، ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک لە شاری کویەی باشووری کوردستان. |

| | |
|---|---|
| ٣٣ | ٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٨ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩ی زایینی؛ |
| | کۆچی دوایی مامۆستا حەسەن سۆران نووسەر، هەڵبەستڤان، زانا و نیشتمانپەروەی کورد لە شاری تاران. |

| | |
|---|---|
| ٣٤ | **٦ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی = ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٠ی زایینی؛** |
| | کۆچی دوایی سەید عوبدوڵڵا ئەیووبییان نووسەر، زمانناس و لێکۆڵەری ناوداری کورد و دوایین یادگاری کۆمەڵەی ژی - کاف و کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد. |

| | |
|---|---|
| ٣٥ | **٣٠ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی = ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٠ی زایینی؛** |
| | حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی سەرکوت و توندوتیژی نواندنی حکوومەت بەرامبەر داخوازی ڕەوای خەڵک بە مەبەستی پێشگیری لە وشکبوونی گۆلی ورمێ و بەردەوامیی گرتنی ناڕازییان و چالاکانی ژینگە پارێز، داوای ئازادیی هەرچی زووتری گیراوەکان دەکا. |

| | |
|---|---|
| ٣٦ | **١١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣ی زایینی؛** |
| | دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێرشی بێ بەزەییانە بۆ سەر ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران لە کەمپی ئەشرەف لە نزیک شاری بەغدای پایتەختی عێراق، زیاتر لە ٥٠ کەس لە دانیشتوانی ئەم کەمپە کوژران و بە دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون. مەحکووم دەکا. |

| | |
|---|---|
| ٣٧ | **٩ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی = ٣١ی ئاگوستی ٢٠١٤ی زایینی؛** |
| | ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی کاریی یەک ڕۆژەی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و هەروەها ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی پاش هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان بەڕێوە برد. |

| | |
|---|---|
| ٣٨ | **٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤ی زایینی؛** |
| | دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێرشو دەستدرێژییەکانی گرووپی تێرۆریستیی ناسراو بە داعش یا دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان مەحکووم و پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانی و دەوروبەریدا لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکا. |

| | |
|---|---|
| ٣٩ | **٢١ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥ی زایینی؛** |
| | محەممەد دانش هونەرمەندی دەنگخۆشی میوزیکژەن و گۆرانیبێژ کورد بەهۆی نەخۆشی، لە تەمەنی ٧٠ ساڵی‌دا لە شاری مهاباد ماڵاوایی لە ژیان‌و هونەر کرد. |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ٤٠ | ٢ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٧ی زایینی؛ |
| | محەممەد شەریف وەلیدی، ژەنیار و یەکێک لە پێشەنگەکانی بواری هونەر و گۆرانی کوردی، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە ماڵئاوایی لە هونەر دۆستان و هۆگرانی هونەری کوردی کرد. |
| ٤١ | ٣ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧ی زایینی؛ |
| | خالید خاکی چیرۆکنووس، وەرگێڕ، شانۆکار و بەرپرسی ئەنجوومەنی مەولەوی سەقز بە هۆی ڕووداوێکی دڵتەزێن لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد. |
| ٤٢ | ١٩ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ی زایینی؛ |
| | سەید حوسێن موسلێح‌زادە گیلانی، ناسراو بە (کاروان کۆچەر) نووسەر، وەرگێڕ و ڕەخنەگری ئەدەبیی خەڵکی گوندی (ژاراوا)ی سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ کۆچی دوایی کردووە. |
| ٤٣ | ١٩ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ی زایینی؛ |
| | جەلال جەهانگیری، هونەرمەندی نیشتمانپەروەری کورد و فەرمانبەری دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد، بە هۆی وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد. |
| ٤٤ | ٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | گیانیان لەدەست دا نەمران شەریف باجوەر، و ئۆمید کۆنە پۆشی، معەممەد پەژووهی و ڕەحمەت حەکیمی نیا؛ چاکوانی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا کە خەریکی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان بوون بە شێوەیەکی گوماناوی. |
| ٤٥ | ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | قادر فەتحیان ناسراو بە مامە قالە شۆڕش دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هێلسینگبۆری سوێد کۆچی دوایی کرد. |
| ٤٦ | ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەی ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەم پەلامارە تێرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە ٦ لەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون. |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ٤٧ | ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | زیندانی سیاسی ناسراوی کۆمەڵە "ڕامین حوسەین پەناهی" و، "لوقمان مورادی" و "زانیار مورادی" لە سێدارە دران و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە. |

| | |
|---|---|
| ٤٨ | ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | مانگرتنی بەشکۆ و سەراسەریی کوردستان لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە بۆ مەحکومکردنی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و ئێعدامی پۆلێک تێکۆشەری سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، بەڕێوە چوو. |

| | |
|---|---|
| ٤٩ | ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | نادر نادرزادە ئەقدەم ناسراو بە "ڕەسووڵ نادری"، هونەرمەندی بەیت و حەیرانخوێن، قسەخۆش و شۆڕشگێڕی سەردەمی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی و پیری لە یەکێک لە نەخۆشانەکانی شاری مەهاباد، لە تەمەن ٨٥ ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد. |

| | |
|---|---|
| ٥٠ | ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی حیزب و بەرپرسانی هێندێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوە چوو. ئەو کۆبوونەوەیە کە درێژەی هەمان ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە بەیانیی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان (بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبر) بەهۆی مووشەکبارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەوتی کارەکانی ڕاوەستابوو، |

| | |
|---|---|
| ٥١ | ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | نیکی هیلی، نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنیەتیدا ڕووداوی مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێنایە بەر باس و داوای پێشگرتن بە سەرەڕۆییەکانی ئێرانی کرد. |

| | |
|---|---|
| ٥٢ | ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | حاجی حوسێن حەداد کەسایەتی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیە بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کرد. |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ٥٣ | ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛ |
| | سوپاس نامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان! سوپاسنامە و داوای هەنگاوی زیاتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرنجی بالیۆزی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی ئەندامانی دائیمیی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش. لەسەر هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر بارەگای سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. |

| | |
|---|---|
| ٥٤ | ٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | مامۆستا مەلا محەممەد ئیمامی کەسایەتیی ئایینی و یادگاری کۆماری کوردستان و ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات پاش تەمەنێک ژیان بە خواناسی و خەڵکدۆستییەوە لە شاری سەقز ماڵاوایی لە ژیان کرد. |

| | |
|---|---|
| ٥٥ | ١٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یەکساڵە هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە قەڵای دێموکرات، هەڵکەوتوو لە باشووری کوردستان. |

| | |
|---|---|
| ٥٦ | ١٢ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | دامەزراوەی پرۆسپێکت (Prospect) پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار، زانای بواری بیرکاریی خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بیرمەندی یەکەمی جیهان هەڵبژارد. |

| | |
|---|---|
| ٥٧ | ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ١٣٩٧، سیمینارێک بە بۆنەی ١ ساڵەی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات بە دەستپێشخەری یەکییەتی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبرد. |

| | |
|---|---|
| ٥٨ | ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی تاوانەکانی ١٧خەرمانان، پەلاماری مووشەکیی بنکەکانی حدک و حدکا لەدەوروبەری شاری کۆیە و لە سێدارە دانی سێ زیندانی سیاسی ناسراوی کۆمەڵە. |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ٥٩ | ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامان و بنەماڵەی سەبەرزی شەهیدان لەسەر گلکۆی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، لە ڕیوڕەسمێکدا یادی شەهیدانی قەڵای دێموکرات بەرز ڕاگیرا. |
| ٦٠ | ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | پۆلێکی دیکە لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای تێپەڕ کردنی سەرکەوتووانەی دەورەی ٢٣٤ی سیاسی - نیزامیی پێشمەرگایەتی، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەیان پۆشی. |
| ٦١ | ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛ |
| | بە بۆنەی مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو کە زۆربەی خەڵکی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی سێ بەندیی سیاسیی کورد لە سێ بڕگەدا لە قەڵای دێموکرات سمینارێک بەو بۆنەوە بە دەسپێشخەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەڕێوەچوو. |
| ٦٢ | ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی؛ |
| | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ئانتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لە سەروویەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوڕ لە دۆخ و خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕات کە زۆر جار چەکی کۆمەڵکوژیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، بدەنەوە. |
| ٦٣ | ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی؛ |
| | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووهەمین ساڵیادی شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، لەسەر مەزاری شەهیدان ڕایگەیاند: پشت بە ئیرادە و وزەی خەباتگێریمان و پشتقایم بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان، خەبات و تێکۆشانمان هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کە ئامانجی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و سەرجەم شەهیدانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکە، درێژەی دەبێ. |
| ٦٤ | ٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی = ١٠ی سێپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی؛ |
| | کۆچی دوایی تەیفوور بەتحایی سیمایەکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسی و چەپ و نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سینەماکار و نووسەرێکی بە توانا و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دێموکرات دوای ماوەیەک |



سەرچاوە Serchawe

| | |
|---|---|
| | نەخۆشی لە شاری یۆتەبۆری لە سوئید. |

| | |
|---|---|
| ٦٥ | ١٦ی خەرمانان ١٤٠٠ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢١ی زایینی؛ |
| | کاک عوسمان مستەفاپوور، قارەمانی نێو چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لەگەڵ کرۆنا لە نەخۆشخانەی شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد. |

| | |
|---|---|
| ٦٦ | ١٧ی خەرمانان ١٤٠٠ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢١ی زایینی؛ |
| | بانگەوازی سکرتێری گشتیی حیزب ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لەمەڕ هەڕەشەکانی سوپای پاسداران کۆماری ئیسلامی ئێران. |

| | |
|---|---|
| ٦٧ | ١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | زۆرێک لە کەسایەتییە ناسراوە کورد و بیانییەکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو پرسە دەربڕیوە و وێڕای نیشاندانی خۆشحاڵیی خۆیان بە گرینگییەوە باسیان لەو پرسە کردووە. |

| | |
|---|---|
| ٦٨ | ٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، گروتینێکی دیکەیان بە خۆیان گرتووە و بە بەڕێوەبردنی چالاکی بە شێوازی جۆراجۆر دڵگەرمی و خۆشحاڵیی خۆیان لەمەڕ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پێشان دەدەن. |

| | |
|---|---|
| ٦٩ | ٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە حیزب، کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کرد کە بە مەبەستی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان سەردانی حیزبیان کرد. |

| | |
|---|---|
| ٧٠ | ١١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کردووە و ڕاگەیاندووە ئەم ڕێکخراوە هاوپشت و پشتیوانی حیزب دێموکرات دەمێنێتەوە. |

| | |
|---|---|
| ٧١ | ١١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | گیانی لەدەست دان و ماڵئاوایی خاتوو "هاوژین نستانی" ئەندامی ڕێکخراوی ژنان و لاوانی دێموکرات، کچی شەهید "ئەمیر نستانی" بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ڕێگای نێوان سلێمانی و ڕانیە و هەروەها لەو ڕووداوەدا دایک و خوشکیشی بە سەختی بریندار بوونە. |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ٧٢ | ١٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | لە ڕێوڕەسمێکی پێشمەرگانەدا و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٥٨ی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، پۆلیکی دیکە لە لاوانی دڵسۆز و بە ئەمەگی نیشتمانەکەمان لە ڕێوڕەسمێکی پێشمەرگانەدا هاتنە ڕیزی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتەوە. |
| ٧٣ | ١٧ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | سپاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان؛ بە پێویستی دەزانین بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سپاسی هەستی هاوخەباتی و پاڵپشتیتان بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بکەین و وێڕای بایەخدان بە دەربڕینی هەستی پیرۆزتان و پەیام و ناوەڕۆکی برووسکەی پیرۆزباییەکان و هەروەها پێوەندیگرتن و سەردانەکانتان ڕادەگەیەنین. |
| ٧٤ | ١٢ی خەرمانانی ١٤٠١ هەتاوی = ٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | چەندین ڕێوڕەسمی بەشکۆ بە بەشداریی ئەندامان، لایەنگران و نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسیی کوردستانی و ئێرانییەکان، لە ئۆروپا، ئەمریکا، و ئوسترالیا جێژنی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوون. |
| ٧٥ | ١٣ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | بەرامبەر بە کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێکی گەورە و بەشکۆی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژاوای کانادا بەڕێوە برد. |
| ٧٦ | ٢١ و ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ هەتاوی = ١٢ - ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | دەیان حیزب و لایەنی سیاسی، لە چوار بەشی کوردستانەوە بەبۆنەی یەکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێریان کرد و لەلایەن شاندی پێشوازیکەری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی محەممەد نەزیف قادری پێشوازیان لێکرا. |
| ٧٧ | ٢٤ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان سییەمین ساڵرۆژی تێرۆرکردنی دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی کە لە ڕێستورانی "میکونۆس"ی شاری "بێرلین"ی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان، لەلایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کران، ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی "مستەفا هیجری" بەرپرسی گشتیی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بەڕێوە چوو. |
| | |
| | |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ٧٨ | ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | ژینا ئەمینی" تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی سەقز کە لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیمەوە لە تاران درایە بەر لێدان و چووبووە کۆما، و پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە کۆمادا، بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە لە نەخۆشخانەی "کەسرای" شاری تاران گیانی لەدەست دا. |
| | ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| ٧٩ | لە "جێژنیکان"، مەڵبەندی ٣ی کوردستان، سێمینارێکی تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان ساڵڕۆژی تیرۆرکرانی دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی بەڕێوە چوو. |
| ٨٠ | ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بۆ مانگرتنی گشتی بۆ مەحکومکردنی جینایەتی کوشتنی ژینا ئەمینی ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان کراوە. بەرۆژی مانگرتن لەسەرجەم شار و شارۆچەکانی کوردستان و داوا لەسەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤ کردوە بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن تا بە هاودەنگی و هاوپشتی یەکتر وەڵامێکی توند بە کۆماری ئیسلامی بدەینەوە. |
| ٨١ | ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ڕیسواکردنەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ ڕێبەرانی شەهید، بە تایبەت شەهیدانی میکۆنۆس ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەبەشداری هەزاران کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە شاری برلین، پێتەختی ئاڵمان بەڕێوە برد. |
| ٨٢ | ٢٧ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، داواکارین بە هەر شێوازێکی بەردەست لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕێکخستنی نارەزایی و مانگرتن دژ بە زوڵم و زۆرداریی گەشتەکانی ئیرشاد و ڕێژیمی دژەژنی ئیسلامی و یاسا دژە ژنەکانی ئەو ڕێژیمە، لە دەستووری کارتاندا بێت و هەوڵی تەواوی بۆ بدەن. |
| ٨٣ | ٢٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | مانگرتن بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە جینایەتی کوشتنی ژینا ئەمینی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چووە و ئەو مانگرتنە لە شارەکانی سنە، سەقز، مەهاباد، شنۆ، مەریوان، بانە، جوانرۆ، دیواندەرە، بۆکان، ورمێ، نەغەدە، کرماشان، دێولان، پیرانشار، کامیاران و باقی شارەکانی دیکە بەردەوامە. |
| ٨٤ | ٢٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛ |
| | مانگرتن بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە جینایەتی کوشتنی ژینا ئەمینی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چووە و ئەو مانگرتنە لە شارەکانی سنە، سەقز، مەهاباد، شنۆ، مەریوان، بانە، جوانرۆ، دیواندەرە، بۆکان، |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| ورمێ، نەغەدە، کرماشان، دێولان، پیرانشار، کامیاران و باقی شارەکانی دیکە بەردەوامە. | |

| | |
|---|---|
| **٢٩ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛** | **٨٥** |
| ماڵئاوایی "ئەحمەد فەرەجی" پێشمەرگەی ڕۆژانی سەخت و فریادڕەسی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کە لە پێشمەرگە دێرینەکانی نێو سەنگەری خەبات و خۆڕاگری بوو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد و سەنگەری خەباتی بە هاوڕێیانی ئەسپارد. و بۆ هەتاهەتایە لە یاد و دڵی هاوڕێیان و خەڵکەکەیدا مایەوە. | |

| | |
|---|---|
| **١٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی** | **٨٦** |
| لە ساڵوەگەڕێ دەستپێکی شۆڕشی ژینادا جێی خۆیەتی بە نیشانەی بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ئەم شۆڕشە نوێیە و ڕێزلێنان لە قوربانیان و زیندانییان سیاسی و زیندووڕاگرتنی بزووتنەوەی سیاسی، بە شکۆوە بەرەوپیلی ئەم یادە مەزنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بچین. | |

| | |
|---|---|
| **١٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی** | **٨٧** |
| کاک ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی شاعیر و کادری بەوەج، ماندوویی‌نەناس و هەڵسووڕی حیزبی دێموکرات پاش چەند مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا ماڵئاوایی لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی کرد و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەکەیەوە. | |

| | |
|---|---|
| **٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی** | **٨٨** |
| پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا ساڵیادی شۆڕشی ژینا) ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نیزامێکی گەلی و دێموکرات جێگەی بگرێتەوە | |

| | |
|---|---|
| **٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی** | **٨٩** |
| پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا ساڵیادی شۆڕشی ژینا) ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نیزامێکی گەلی و دێموکرات جێگەی بگرێتەوە | |

| | |
|---|---|
| **٢٣ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی** | **٩٠** |
| پەیامی مستەفا هیجری: بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ژینا بەرگریی نەتەوەیی و خەباتی جەماوەری لە کوردستان قوتابخانەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی چاویان لە گۆڕانکارییە | |

| | |
|---|---|
| **٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی** | **٩١** |
| پەیامی سپاس و پێزانینی شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە بەڕێوەچوونی مانگرتنی شکۆدار و گشتیی ٢٥ی خەرمانان، ئێوەی خەڵکی سەربەرز و شۆڕشگێڕی کوردستان لە ورمێ، شنۆ، پیرانشار، ڕەبەت، سەردەشت، | |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| مەهاباد، بۆکان و سەقزەوە تا دەگاتە بانە، مەریوان، سنە، کامیاران، ڕوانسەر، دێولان، دیواندەرە، بیجاڕ، پاوە، کرماشان، ئیلام و کەنگاوەر بەگەرمی بە مانگرتنەکەتان بەپیل بانگەوازی شەش حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چوون. | |

| | |
|---|---|
| ١٦ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی | ٩٢ |
| ڕاگەیاندنی سێ کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەکان، ١- کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ٢- کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، ٣- کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە بڕیاری گواستنەوەی ئۆردوگاکانیان لە دەوەری سلێمانی، باشووری کوردستان | |

| | |
|---|---|
| ١٦ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی | ٩٣ |
| لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا بێهزاد خوسرەوی، خەڵکی سەقز، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نیشتەجێ لە شاری سلێمانی لەلایەن دەزگای ئاسایشی حکوومەتی هەرێم لەم شارە دوو جار بانگ کراوە و جاری دووهەم دوای چەند ڕۆژ بەندکردن و ڕاگرتن، ڕادەستی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراوە. | |

| | |
|---|---|
| ١٧ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی | ٩٤ |
| ڕاگەیەندراوی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لەبارەی گرتن و ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکا و ڕادەگەنێت کە دۆسیەی گرتنی بێهزاد دەبوا بەپێی یاسا لە دەزگای دادی هەرێمی کوردستاندا بڕیاری لەسەر درابا. | |

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٥ = مای ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe